# لاوانەوەی کوردی و دەوری «رۆدینکۆ» لە تۆمار کردنیدا

جەلال تەقی

«مارگرێت رودینکۆ» یەکێکە لەو نووسەرە بێگانانەی دڵسۆزانە خزمەتی ئەدەبی کوردیان کردوەو هەموو ژیانی بۆ تەرخان کردوە .

ناوبراو لە ساڵی «١٩٢٦»دا لە شاری «تبیلیسی»ی لە دایك بوەو لە «٢٧»ی تەموزی «١٩٧٧» دا ، دوای نەخۆشی‌یەکی دوورو درێژی پڕ سزا مردوە . دایکی ئەرمەنی و باوکی روس بوە .

«باریس رودینکۆ»ی باوکی زانایەکی ناودارو شارەزاو پسپۆرێکی هەڵکەوتووی ژیانی گەلانی قەفقاس بوەو لە گەڵ «ئۆربیللی» زاناو کورد ناس هەرە ناوداری سۆڤیێتدا کاری کردوە .

«مارگرێت» کاتی منداڵی لە «تبلیسی» بە سەر بردوە ، هەر لە منداڵی‌یەوە بلیمەتی و گیانی لە خۆربوردنی تێدا دەرکەوتوە . لە «١٩٤٩»دا ، کە هێشتا قوتابی بوە ، چوە بۆ ناوچە کوردنیشنەکانی ئەرمەنستانی سوڤیێتی و چالاکانە دەستی کردوە بە کۆکردنەوەی بابەتی فۆلکلۆری رەسەنی کوردی و هەر لەو کاتەوە رێبازی کوردۆلۆژی گرتوەو ئازایانە ئەسپی خۆی لەم کۆرەدا تاوداوەو هەموو شتێکی رەسەنی کوردی وەرگرتوەو زمانی کوردی و گۆرانی کوردی و مۆسیقای کوردی بوون بە بەشێك لە ژیانی . . . لە ژووررووی هەموو ئەمانەشەوە لێکۆڵینەوەی کەلەپوری نەتەوایەتی و فۆلکلۆری کوردی بوو بە سەرچاوەی مەبەستی و لە هەموو شتێك پتر بایەخی پێ‌داوەو چەند شاکارێکی لەم روەوە بە ئەنجام گەیاندوە .

«رودینکۆ» هەرچەندە کەم ژیا ، بەڵام توانی لە ژیانیدا شەش کتێبی مەزن لەم بارەیەوە بە چاپ بگەیەنێ (هیوادارم لە دەرفەتێکی تردا بتوانم بە درێژی لێ‌یان بدوێم .) بێجگە لە دەیەها وتاری ئەکادیمی نایاب دەربارەی هەموو بارێکی ژیانی کورد .

پێنج ساڵ پاش مردنی «رودینکۆ» ، واتا لە ساڵی «١٩٨٢»دا ، ئەکادیمیای زانیاری یەکێتی سۆڤیێت کتێبی «ئەدەبی لاوانەوەی کوردی» چاپ کرد کە حەوتەم کتێبی ئەم نووسەرە مەزنەیەو مەبەستی ئەم وتارەمانە . هەرچەندە سەرناوی کتێبەکە زۆر لە زاراوەی «لاوانەوە» فراوانترە ، چونکە وشەی «ئوبریاد»ی رووسی هەموو جۆرە «مەراسیم»ی پرسەو لاوانەوە ئەگرێتەوە ، بەڵام لەبەر ئەوەی «رودینکۆ» لەم کتێبەدا زیاتر باسی لاوانەوەی کردوە ئێمەش بە لاوانەوەمان دانا .

ئەم کتێبە نایابە بریتیە لە «١٥٢» لاپەرەی قەبارە گەورەی پیت ورد ، و کۆمەڵە نوسراوێکی هەرە بە نرخە دەربارەی لاوانەوەی کوردی . . . . گرنگی ئەم نوسراوانە لەوەدایە کە نوسەر خۆی لە پرسەو سەرگۆرستان و لە دەمی شارەزایانی وەرگرتوەو تۆماری کردوون و بەراوردێکی وردی زوربەیانی کردوە لە گەڵ ئەدەبی لاوانەوەی گەلان و کارتێکردنی

دراوسێکانی کوردو وێنەیەکی هەرە بە نرخی پێ بەخشیون و بەشێوەیەکی زیندوو دەری خستوون‌و هەموو دەقەکانی وەرگێڕاوە بۆ رووسی‌و شی‌کردوونەتەوە .

«رودینکۆ» لە لاپەرە «٥» دا ئەوە باس ئەکات کە بایەخدانی بەلاوانەوەی کوردی لەو نوسراوانەوە دەستی پێ‌کردوە کە لە ئەدەبی کوردیدا بەرچاوی کەوتوون‌و لەوەوە ئارەزووی لێکۆڵینەوەی سەرچاوەی زیندووی ئەم کارەی کردوە بە نیازی نووسینەوەو پاراستنی لە لەناوچوون . . . بەڵام ئەوەش ئاشکرا ئەکات کە ئەمە کارێکی ئاسان نەبوە ، چونکە ئەوانەی ئەم جۆرە ئەدەبەیان زانیوە نەیان ویستوە بە بێ بوونی پرسەو کاری ئەنجامدانی مردوو ناشتن راستەقینە بۆی بلاوێننەوەو بە تایبەتی کوردە یەزیدی‌یەکان زۆر بەگران خۆیان ، داوە بە دەستەوەو پاش هەوڵدانێکی زۆر توانیویەتی شتێکیان «لێ هەڵکرێنێ» ! . . . بۆیە ئەم کتێبەی نموونەیەکی هەرە راست‌و بێ وێنەیە بۆ روون‌کردنەوەو تۆمارکردنی بەشێکی شاراوەو کەم باس‌کراوو فەرامۆش کراوی ئەدەبی فۆلکلۆری نەتەوەکەمان ، بە تایبەتی کە ئەدەبی لاوانەوەو پرسەو ناشتنی مردوو بەشێکی هەرە گرنگیٴ فۆلکلۆری میللەتانەو لە جیهاندا بایەخێکی باشی پێ دراوە ، چونکە بەشێکە لە هەرە کۆنترین شێوەی ئەدەبی‌و لە زۆربەی داستان‌و سەرچاوە هەرە کۆنەکانی جیهاندا هەیە . . لە داستانی «گەلگامیش»ی عیراق کۆن‌و «ماخابخاراتە»ی هیندی‌و ئەلیادەی یۆنانی‌و زوربەی شاکارەکانی جیهانی کۆندا نموونەی هەیە .

«رودینکۆ» لە لاپەرە «٤»دا ئەوە روون ئەکاتەوە کە ناوەرۆکی لاوانەوەو پرسە لەهەموو بەشێکی تری فولکلۆر کەمتر گۆڕینی بەسەردا هاتوەو پاشماوەی نەریت‌و رووداوی کۆنترین ئاین‌و باری کۆمەلایەتی میللەتانی تێدا پارێزراوەو باشترین دەرفەتە بۆ زانینی باری دەروونی گەل ، چونکە ، وەك ئەلێ ، باسی کارەسات‌و رووداوێك ئەکات چارەسەرکردن‌و خولێ رزگارکردنی نیەو هەموو هێزێك لە ئاستیدا دۆش دائەمێنێ کە ئەویش مردنە . . . . ئەو مردنەی هیچ شتێك جێی پڕناکاتەوەو لە بیروچوونەوەی نیە ! بۆیە ، بەرای «رودینکۆ» گرنگی پێدانی ئەم شێوەی فۆلکلۆرە بایەخدانەبە هەموو بەشەکانی نەریت‌و فۆلکلۆر . . . . بایەخ‌و گرنگی لاوانەوەش مەدایە ! . .

لەبەر ئەم هۆیانە «رودینکۆ»ی مەزن شایانی هەموو رێزو ئافەرینێکە کە ئەم پەراوەنایابەی بە ئەنجام گەیاندوە ، چونکە ئەوەندەی من ئاگادارم لە کوردستان‌و لە دەرەوەی کوردستانیشدا وتاری بە پێز دەربارەی ئەدەبی لاوانەوەی کوردی زۆر کەمەو لە هەندێك وتاری «مینۆرسکی» و «ڤیلچێڤسکی»و «ئیگیزارۆڤا»و «رودینکۆ» خۆی‌و هەندێك لە نووسەرانی بەرێزی خۆمان بەولاوە بەدەرنیە . . . لە ناو هەموو ئەمانەشدا وتارێکی «رودینکۆ» ، کە لە لاپەرە «٧٠-٨٠»ی ژمارە ٢١(٨٤)ی سالی «١٩٧٠»ی «بلاوکراوەی فەلەستین»دا بە ناوی «لاوانەوەی کوردە یەزیدی‌یەکانی ئەودیو قەفقاس»ەوە بلاوی کردۆتەوە ، جێگایەکی دیاریکراوی هەیە .

خوێندەواری بەرێز ، ئەم کتێبەی «رودینکۆ» ، کە بە کورتی لێ‌ی ئەدوێم ، یەکێکە لەو کارە مەزنانەی شایانی ئەوەیە لێ‌ی بێ‌بەش نەبین‌و هیوادارم بتوانم لە پاشەرۆژێکی نزیکدا دەقی تەواوی بە چاپ بگەیەنم . . لێرەدا هەول ئەدەم کورتەیەکی باسەکانی بنووسم ، هیوادارم توانیبێتم کەمێك لە بەهرەو توانای بێ‌سنووری نوسەرەکەیتان بۆ روون بکەمەوە .

• • •

«رودینکۆ» بە درێژی هەموو لایەنەکانی ئەم باسە گرنگەی گرتۆتەوە . . لە ناو باسەکاندا جێگایەکی تایبەتی بۆ «کۆتەل» داناوەو دامێنی لاپەرە «٦٥»و هەموو لاپەرە «٦٦»ی بۆ تەرخان کردوەو بە وردی لە هەموو هەنگاوێکی دواوەو وردترین خالی فەرامۆش نەکردوە . . بە وردی لە ناشتنی مردووو شێوەی لاوانەوەی کوردی یەزیدیش دواوە کە لای ئەو گرنگی‌یەکی دیاریکراوی هەیەو بە نموونەی رەسەنی لاوانەوەی کوردی

داناوەو دەری خستوە کە لەبەر ئەوەی زوربەی کاری لەم چەشنەی یەزیدی‌یەکان بە نهێنی ئەکرێن شێوەو سیماو ناوەڕۆکی رەسەنایەتی پێش چاخی ئیسلامی‌یان تێدا پاراستوە، کە ئەمەش، بە رای ئەو، هەلێکی لەبارو گونجاوە بۆ روونکردنەوەی گەلێ رەوشتی شاراوەی کوردی پێش ئیسلام.

* * *

ئاشکرایە لای زوربەی ئافرەتانی کوردستان برا مردن کۆستێکی گرانەو کارێکی کوشندە لە خوشك ئەکاو هەتا مردن پێوەی ئەتلێتەوە، بۆیە شتێکی سەیر نیە کە «رودینکۆ» گەورەترین بایەخی بە برامردنو نموونەی لاوانەوەی برا مردن داوە.

سەیر ئەوەیە، هەمان ئەو گریانو لاوانەوەی هەموومان گوێمان لێ‌بوەو گرنگیمان پێ نەداوەو رەخنەمان لەو خوشکانە گرتوە کە بە کوڵ ئەگرین بۆ برایانو خۆیان بەو جۆرە دڵتەنگ ئەکەن، «رودینکۆ» بەوپەڕی شانازییەوە گوێی لەو بابەتە لاوانەوەیە گرتوەو هانی داون چی ئەزانن بۆی بڵێنو تۆماری کردوون . . . ئائەمەیە رەسەنایەتیو دڵسۆزی کاری زانیاریو ئەدەبی، ئەو «کارە زانیارییانە»ی کە بە داخەوە هەندێك لە برا نووسەرە بەرێزەکانمان زۆر حەز ئەکەن بیلکێنن بە بەرهەمەکانیانەوەو کە چەند دێرێك ئەنووسن وای دەرئەخەن کە کارەکەیان ئەوەندە زانیارییانەیە وێنەیان‌نیەو بێجگە لە خۆیان کەس لە بابەتی زانیاری ناگات ! . . .

* * *

بەشێکی تری کتێبەکەی «رودینکۆ» لاوانەوەی دەستگیرانە بۆ یاری لە ناوچووی، هەروەها لاوانەوەی ژن بۆ مێردیش جێگایەکی دیاری هەیە لای ئەو.

وەنەبێ «رودینکۆ» تەنها گرنگی دابێ بە ئەدەبی لاوانەوەی سەرزار، بەڵکو هەڵبەستی لاوانەوەی ئەدەبی نوسراوی کوردیش لای ئەو جێگایەکی تایبەتی هەیە . . . لاوانەوەی «زین» بۆ «مەم» لە مەمو زینی ئەحمەدی خانی نەمردا بە نموونەیەکی هەرە سەرکەوتووی ئەدەبی لاوانەوەی کوردی سەدەی حەڤدەهەم دائەنێو لە پاڵ دەقە کوردی‌یەکەی خانیدا، کە لە لاپەرە «٤٧–٤٨»ی کتێبەکەیدا بڵاوی کردۆتەوە بە شێوەیەکی رەوانو راست وە ریگێڕاوەتە سەر روسیو لە لاپەرە «٤٨–٤٩»دا چاپی کردوە. «گوڵکۆی تازەی لەیل»ی ئەحمەد بەگی کۆماسی، کە رودینکۆ بە ئەحمەد خانی کۆماسی ناوی بردوە، کاتی خۆی «مینۆرسکی» بڵاوی کردۆتەوە، دووبارە دەقە کوردی‌یەکەی بە کوردی، بە پیتی لاتینی، لە لاپەرە «٤٩–٥١»دا چاپ کردوەو لە لاپەرە «٥١–٥٣»داوەریگێڕاوە بۆ روسیو بە نموونەی نایابی لاوانەوەو سکاڵای یارمردووی داناوە.

«رودینکۆ» پاش ئەمە باسی شتی مردووو کفن کردنو تەڵقین دادانو گەرمە گۆڕو سێ رۆژگانەو حەوتەو چلەو نۆچەژنو سەرخۆشی لێکردن ئەکاتو لە لاپەرە «٦٤»دا دەقی سەرخۆشی لێکردنێك بە چوار دێری کاریگەرو وەرامی خاوەن مردووی بە دو دێری بەسۆز تۆمار کردوە . . . .

باسی ئەوە ئەکات کە لای کورد نابێ «کراسی قیامەت»، واتا کفن، بە مقەست ببڕرێ بەڵکو ئەبێ بە دەست دابدرێو بە دەرزییەکی تازە بدورێ (لاپەرە ٦٠).

لەوەپاش لە دارەمەیتو تاشە شۆر ئەدوێ . . . لە لاپەرە «٥٩»دا باسی ئەوە ئەکات چۆن ژن قژی خۆیان ئەڕننەوەو لە خۆیان ئەدەنو دەمو چاویان بریندار ئەکەن . . . لە لاپەرە «٦١»دا باسی ئەوە ئەکات چۆن پێش بردنی مردوو بۆ گۆڕستان لەبەر ماڵەکەدا سێ جار دارە مەیتەکە هەڵئەگرنو دائەنێنەوە . . . . لە هەمان لاپەرەدا بە درێژی باسی گۆڕو بەردی ئەلحەدو کێل ئەکات، ئەوەش روون ئەکاتەوە کە بۆچی کورد مردوو ماچ ناکات. لای خۆمان واباوە کە گوایا ئەگەر یەکێك مردوو ماچ بکات ئەو مردوە هەرگیز نایەتە خەوی، یان ئەگەر رەگەزیان جیابوو مردوەکە دەستنوێژی ئەشکێ. بەڵام «رودینکۆ» ئەڵێ، گوایا بیرو باوەڕی کورد لە پێش ئیسلامدا

واباوبوە ئەگەر مردوو ماچ بکرێ ئەو مردوە هەرگیز زیندوو نابێتەوە . . . ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە کورد پێش ئیسلامیش باوەڕی بە زیندووبوونەوە هەبوە ! . . .

* * *

ئەوەی شایانی باسە «رودینکۆ» بایەخێکی زۆری داوە بە شێوەی ناشتنی کوردی یەزیدی ، لەبەر ئەوەی ، وەك خۆی لە لاپەڕە «١٢٤»دا ئەڵێ تەنها ئەوان – واتا کوردی یەزیدی – رەسەنایەتی کۆنیان ماوەتەوە بەڵام کوردی شیعەو سونی شێوەی تازەی ئیسلام کاری تێ‌کردوونو زۆر نەریتی کۆنی گۆڕیوە . لەگەڵ ئەوەشدا «رودینکۆ» خەفەت بۆ ئەوە ئەخوا کە نەیتوانیوە دەربارەی «رۆح»و ژیانی «ئەو دنیا» لای یەزیدی‌یەکان زانیارییەکی ئەوتۆی دەست بکەوێ لەبەر ئەوەی نەیانویستوە ئەم نهێنیانە بدرکێنن ، بەرادەیەکی وا ، وەك لە لاپەڕە «٦٢»دا ئەڵێ «تەلقین دادانیش نابێ کەس گوێی لێ‌بێ‌و تەنها دوو «پیر»ی ئاینی یەزیدی پێش داپۆشینەوەی گۆڕەکە ئەم‌لاو ئەولای ئەگرنو لەبەر خۆیانەوە ئەو دوعایانە ئەخوێننەوە کە لەم هەڵویستەدا پێویستە !

* * *

«رودینکۆ» لە تێبینی ژمارە «٨»ی لاپەڕە «١٢٦»دا خاڵێکی گرنگ باس ئەکات گوایا لە رابوردوودا دوور نیە کورد مردووی لە سندوقدا ناشتبێ . . . ئەگەر ئەمە وابێ وا نەریتێکی تری کۆنی کوردەواری پێش چاخی ئیسلامی دێنێتە پێشەوە کە شایانی لێکۆڵینەوەیە . بێجگە لەوەی کە لاپەڕە «١٩١»ی کتێبەکەی «ڤاسیلی نیکیتین» ئەکات بە بەڵگەی سەلماندنی ئەم قسەیەی کە لە ساڵی «١٩٦٤»دا لە مۆسکۆ چاپ کراوە ، دەق لاوانەوەیەکی کوردی یەزیدیش لە لاپەڕە «١٣١–١٣٢»ی ئەم کتێبەی خۆیدا بە پیتی لاتینی تۆمارکردوەو وەریشی گێڕاوە بۆ رووسی . ئەگەر ئەمە وابێ وافراوانترین دەرگا ئەخاتە سەر پشت بۆ لێکۆڵینەوە . من رام وایە کە ئەگەر بە وردی لە ناوەڕۆکی لاوانەوەی کوردی بکۆڵرێتەوە شتی سەیرمان بۆ دەرئەکەوێ کە ئێستا شاراوەیە... بەڵام سەیر ئەوەیە کە لە کاتێکدا «رودینکۆ» ئەم نموونانە دێنێتەوە بۆ بەڵگەی ناشتنی مردووی کورد لە سندوقدا بەڵگەی سەرچاوەیەکی گرنگی فەرامۆش‌کردوە کە خۆی زوربەی ژیانی پێوە خەریك کردوە . . مەبەستم لە «مەم‌و زین»ی خانی نەمرە . . . چونکە لە هەمان ئەو مەم‌و زینەدا کە «رودینکۆ» ساغی کردۆتەوەو وەریشی گێڕاوەتە سەر روسی‌و لە «١٩٦٢»دا تەواوی هەر دوو دەقە کوردی‌و روسی‌یەکەی پێکەوە لە مۆسکۆ چاپ کردوە لەم بارەیەوە شتێکی گرنگی تێدایە کە ئەبوایە پەنجەی بۆ رابکێشایە . . . لە هەڵبەستی ژمارە (٢٣٦٥)ی دێڕی (٢)ی لاپەڕە (١٧٩)ی دەقە کوردی‌یەکەدا خانی وای فەرموە :

**«حاصل ڤکرن ژ نوڤە صندوق»**

**«میرگوتە ممی ژبوتە معشوق»**

وە هەمان ناوەڕۆکی لە دێڕی (١٩و ٢٠)ی لاپەڕە (٢١٢)ی دەقە روسی‌یەکەدا نووسیوە کە باسی کردنەوەی سندوقی مەم ئەکات . . . دیاریشە وشەی «صندوق» لە کوردی‌یەکەداو وشەی «گرۆب» لە روسی‌یەکەدا هیچ گومانێك لەم روەوە ناهێڵن . . . ئیتر فەرامۆش کردنی ئەمە لە لایەن «رودینکۆ»وە جێگای سەرسوڕمانە ! . . .

«رودینکۆ» لە لاپەڕە «٦٢»دا باسێکی لە مەش سەیرتر دێنێتە گۆڕێ . ئەڵێ ، هەرچەندە زوربەی ئەو کەسانەی دەقە فۆلکلۆری‌یەکانی‌لێ وەرگرتوون باسی ئەوەیان نەکردوە کە لەناو کوردا باوبووبێ خواردنو کەل‌و پەل لە گەڵ مردوودا بنێژرێ . . . بەڵام لە زمانی یەکێك لەوانەوە ئەڵێ گوایا لە رابوردوودا ئەگەر یەکێك لە ژیانیدا ئازابووبێ کە ئەمرد خەنجەرەکەیان لە گەڵدا ئەناشت . . . هەرچەندە لە کوردەواری خۆشماندا هەندێ جار ئەم قسانە کراون ، هەروەها ئەوەش باوە کە ئەگەر یەکێك دانی تاقم‌بێ ئەو تاقە دانەش لەلایەکی گۆڕەکەوە ئەخرێتە ژێر خاکەوەو من خۆم ئاگاداری ئەمەم‌و لەبەرچاوم تاقی دان نێژراوە ، بەڵام لە هەمان لاپەڕەدا «رودینکۆ» پەنجە بۆ شتێکی لەمەش سەیرتر رائەکێشێ گوایا لە

هەندێ چیرۆکی ئەفسانەیی کوردیدا باس لەوە کراوە کە ئەگەر یەکێك لە ژن و مێرد مردبێ دەست و پێی ئەوی تریان بەستووە و لە گەڵ ئەوی تردا خستوویانەتە گۆڕەوە بۆ ئەوەی کە مردووەکە زیندوو بووەوە بە تەنیا نەبێ و هاوسەرەکەی لە گەڵیدابێ . . . بۆ سەلماندنی ئەمەش چیرۆکێکی لاپەڕە (٢٣٠)ی کتێبی «چیرۆکی ئەفسانەیی میللی کوردی» ئەکات بە نموونە کە خۆی لە کوردییەوە وەریگێڕاوەتە سەر روسی و لە ساڵی (١٩٧٠)دا لە مۆسکۆ چاپی کردوە . . . بەڵام کە بەراوردی ناوەرۆکی ئەم چیرۆکە دەستنیشان کراوەم کرد بۆم دەرکەت کە ئەو چیرۆکەی ئەو پەنجەی بۆ راکێشاوە دەربارەی «سیندەباد»ەکە «رودینکۆ» بە «خیندەباد» ناوی هێناوە و کەم یان زۆر پەیوەندی بە کوردەوە نیە . بۆیە بەرای من ، ئەم بۆچوونەی رودینکۆ – کە گوایا لە گەڵ مردوودا زیندوویان ناشتوە – ئەبێ بە گومانەوە وەربگیرێ و یەکسەر نەسەلمێنرێ و پێویستی بە لێکۆڵینەوەو پشکنینی دوور درێژ هەیە .

لێرەدا بە پێویستی ئەزانم شتێکی تر باس بکەم . . . «رودینکۆ» لە لاپەڕە «٦١–٦٢»دا باسی ئەوە ئەکات کە کاتی خۆی گۆڕهەڵکەن و مردوو شۆرو هیچ کەسێکی تر کە لە کاروباری مردوو ناشتندا ئیشیان کردوەو زەحمەتیان کێشاوە ، چی کوردی یەزیدی و چی کوردی موسوڵمان ، پارەو شتی تریان وەرنەگرتوەو تەنها ئەوەندەیان بەس بوە کە خاوەن مردوو پێی وتوون : «خوا خێرتان قوبوڵ بکات ! . . .» . ئەڵێم ، خۆزگە گۆر هەڵکەن و مردوو شۆری کۆتایی سەدەی بیستەمی کوردەواریمان لەو رابوردوە رەنگینەمان کەڵکیان وەر ئەگرت و خاوەن مردوویان نە ئەڕووتاندەوەو ئەو هەموو پارەیەیان وەرنەئەگرت !

«رودینکۆ» خاڵی زۆر ورد باس ئەکات . بۆ وێنە ، زوربەی پیاوانی ئێمە لە ناشتنی مردوودا بەشداریمان کردوەو ئاگاداری گۆر هەڵکەندن و داپۆشینەوەین ، بەڵام کەسمان وەك «رودینکۆ» بیرمان لەوە نەکردۆتەوە بۆچی لە کاتی پڕ کردنەوەی گۆڕەکەو داپۆشینیدا خاکەناز لە یەکێکەوە نادرێتە دەست یەکێکی تر ، بەڵکو لە پێشدا دائەنرێتە سەر زەوی و ئەوسا یەکێکی تر هەڵیئە گرێ . . «رودینکۆ» لە لاپەڕە «٦٢» دا لەم بارەیەوە ئەڵێ : «ئەمە لەوەوە هاتوە کە لە رابوردوودا کورد وای لێك داوەتەوە ئەو ئامرازەی گۆڕەکەی پێ دائەپۆشرێتەوە بەشێك لە گوناهی مردووەکەو رۆحیانەتی خراپی دەوروبەری پێوە ئەلکێ ، ئەگەر درایە دەست یەکێکی تر ئەو گوناهەو رۆحە خراپانە لەرێی ئەو کەسەوە ئەچێتەوە بۆ مردووەکە ، بەڵام ئەگەر خرایە سەر زەوی ئەو خراپەو گوناهانە ئەچێتە زەوییەکەوەو لە مردووەکە دوور ئەکەوێتەوە .»

ئەوەی شیاوی باسە «رودینکۆ» بۆ زوربەی ئەو نەریت و کارانەی بەستراون بە مردووو پرسەو کاری لەم جۆرەوە ، نموونەو هۆی بەکار هێنانیان لە بیرو باوەڕی کۆندا دیاری ئەکات . بۆ وێنە ، لە روونکردنەوەی ئەوەدا کە کچ ، خوشك ، ژن ، و هتد . . . هەندێ جار لە کاتی مردنی خۆشەویستیاندا لەسەر گۆڕەکەی پرچی خۆیان ئەبڕن و بە کێلەکاندا هەڵیئەواسن لە لاپەڕە «٦٣»دا ئەڵێ : «ئەمە لەوەوە هاتوە کە لە رابوردوویەکی دووردا زۆر جار ئافرەت لەسەر گۆڕی خۆشەویستی نزیکی (باوك ، برا ، مێرد ، کور . . هتد) یان خۆی کوشتوە ، یان کوشتویانە . ئەم نەریتە بەرە بەرە نەماوەو شوێنەواری لە پرچ بڕیندا ماوەتەوە وەك بەشێك لە قوربانی دانی ئەو ئافرەتە بۆ خۆشەویستەکەی !»

«رودینکۆ» هەر لەم بارەیەوە بیری نەچوە باسی ئەوە بکات کە جاران واباوبوە پاش گەڕانەوە لە گۆڕستان ئاگر لەسەر گۆڕەکە بکەنەوە ، کە گوایا بۆ ئەوەیە نەك درندە گۆڕەکە هەڵبداتەوەو لاشەکە بخوات . . . . بەڵام ئەو ڕای بۆ ئەوە ئەچێ کە ئەم کارە پاشماوەی ئەو نەریتە کۆنە کوردییەیە کە ئاگریان لاپیرۆزبوەو پەیوەندی هەیە لە گەڵ شوێنەواری ئاینی زەردەشتدا ! هەروەها داگیرساندنی چرایەك لە شوێنی شتنی مردووەکە ، کە هەتا ئێستاش هەر ماوە ، بە پاشماوەی هەمان

نەریت دائەنێ.

لای هەموومان ئاشکرایە کە تاریك داهات ئیتر بۆ مردوو ناگرین و لاوانەوەو لەخۆدان نامێنێ. . ئێمە هەر ئەوەندە ئەڵێین کە «بانگی ئێوارەیە، گریان خراپە! . .» بەڵام رودینکۆ لە دێڕی «٣٢» بەولاوەی لاپەڕە «٥٩»دا لە هۆی ئەمەلای کوردی یەزیدی ئەدوێ و ئەڵێ: «پاش تاریك داهاتن، یان راستتر، دوای ئاوابوونی خۆر، گریان و لاوانەوەو هاوار هاوار ئەوەستێ، چونکە باوەڕی کۆنی کوردی یەزیدی وابوە کە ئەگەر لەم کاتەدا بۆ مردوو بگرین واگۆڕەکەی شێ پەیدا ئەکات! . . .» ئەمە ئەو بیروڕا باوەیە کە لەناو خەڵکدا بلاوە، بەڵام «رودینکۆ» بەمەوە ناوەستێ و لە هەمان لاپەڕەدا زانیاریانە شی ئەکاتەوەو ئەڵێ: «لەراستیدا ئەمە پەیوەندی بە پیرۆزی خۆرو پەرستنیەوە هەیە کە لای کوردی یەزیدی هێزێکی ئەفسووناوی هەیە بۆ پاك کردنەوەی هەموو جۆرە خراپەو «پیسی»یەك!

«رودینکۆ» لە دامێنی هەمان لاپەڕەدا ئەوە باس ئەکات کە کارو باری ناشتنی مردوو لای کورد - چی کوردی یەزیدی بێ و چی کوردی موسوڵمان - ئەبێ لەیەك رۆژدا ئەنجام بدرێ و نەمێنێتەوە بۆ رۆژی دوایی. بەڵام لە تێبینی ژمارە «٥»ی لاپەڕە «١٢٦»دا ئەڵێ «نیشانەی وامان بە دەستەوەیە کە لە رابوردوودا لە رۆژی سێهەمدا مردوویان ناشتوە . . .» بەڵگەشی بۆ ئەمە لاپەڕە «٢١٢»ی مەم وزینی ئەحمەدی خانی یە کە لەوەپێش باسمان کرد. . . ئەوەی شایانی باسە، لەو لاپەڕەیەدا کە ئەو باسی ئەکات چاومان بە شتێکی وانەکەوت، چی لە دەقە روسی یەکەیدا، ئەوە نەبێ کە لە هەڵبەستی ژمارە «٢٣٥٨»ی دێڕی «٥» و «٦»ی ئەو لاپەڕەیەدا، کە وەرگێڕاوی روسی یەکەیە، خانی ئەفەرموێ، کە «سێ شەو، وسێ رۆژ لە زەوی یەوە هاوار بەرزبوەوەو گەیشتە ئاسمانی ژووروو.» . لە هەمان هەڵبەستی ژمارە «٢٣٥٨»ی لاپەڕە «١٧٨»ی دەقە کوردی یەکەدا ئاوا نوسراوە:

**«سێ رۆژو شڤان ژفرش غبرا»**
**«پیویستە دچونە عرش أعلا»**

«رودنیکۆ» هەڵبەستی ژمارە «٢٣٦٦»ی هەمان لاپەڕە روسی یەکەدا، واتا لاپەڕە «٢١٢»، ئاوا وەرگێڕاوە: «سێ جار وەرام لە گۆڕەکەوە هات، سێ جار لەلەشی مەمەوە دەنگی بە خێرهاتن هات.» و دەقە کوردی یەکەی ئەم وەرگێڕاوە لە هەڵبەستی هەمان ژمارەی دێڕی «٣»ی لاپەڕە «١٧٩»دا ئەڵێ: **«سی جار ژ ڤالی صدا هات**
**اواز بە لفظ مرحبا هات»**

ئیتر لام سەیرە کە چۆن ئەمە بەسەر «رودینکۆ»ی نەمردا تێپەڕیوە . . .

پاش ئەم بابەتە بە پێزانە «رودینکۆ» لە لاپەڕە (٧١-٩٢)دا دەقی کۆمەڵێکی نایاب لە ئەدەبی لاوانەوەی کوردی بلاو کردۆتەوەو لە لاپەڕە (٩٣-١١٨)دا کردوونی بە روسی.

لەوەپاش، لە لاپەڕە (١١٩-١٣٠)دا تێبینی و پەراوێزەکانی ناو کتێبەکەی نوسیوە کە کۆمەڵێکی هەرە بە نرخی روون کردنەوەی شوێنە نادیارەکانی ناو دووتوێ کتێبەکەن. لە لاپەڕە (١٣١-١٣٤)دا چەند دەقێکی تایبەت بە فۆلکلۆری لاوانەوەی کوردی یەزیدی تۆمار کردوەو لە لاپەڕە (١٣٤-١٣٧)دا وەریگێڕاوەو روسی یەکەی نووسیوە. . ئەم دەقانە گرنگی یەکی زۆریان هەیە بۆ ئەو کەسەی بیەوێ لە فۆلکولۆری کوردی یەزیدی بکۆڵێتەوە. لە لاپەڕە (١٣٨-١٤٠)دا فەرهەنگۆکی ئەو وشە کوردییانەی رێك خستوە کە لە کتێبەکەدا هاتوون. . لاپەڕە (١٤١-١٤٢) تەرخان کراوە بۆ ناوو کورتەی ژیانی بیست و چوار کەس لەوانەی دەقەکانی لەدەم وەرگرتوون و نووسیوەتەوەو لە لاپەڕە (١٤٣)دا لە پاڵ ناوی گێڕەرەوەکاندا ژمارەی ئەو دەقانەی دیاری کردوە کە لە هەر یەکێکیانی وەرگرتوە. لە لاپەڕە «١٤٤-١٤٥»دا ئەو سەرچاوە بیانیانە باس کراون کە لە نێوان سالانی «١٨٥٠-١٩٦٢»دا لە جیهاندا دەربارەی کوردی یەزیدی بە

روسی‌و فەرەنسی‌و ئینگلیزی بلاوکراونەتەوەو ژمارەیان گەیشتۆتە «٢٣» نوسراوی بە نرخ. ئەم سەرچاوانە بایەخێکی هەرە گەورەیان هەیە بۆ ئەوانەی ئەیانەوێ لە مێژووو نەریتی کۆمەلآیەتی کوردی یەزیدی بکۆڵنەوە.*

لە لاپەڕە «١٤٦-١٤٩»دا نوسەری سوفێتی «ل.ن. کارسکایا» ناوی بەرهەمەکانی «رودینکۆ»ی تۆمارکردوە کە لە ژیانی خۆی‌داو پاش مردنی لە نێوان سالآنی «١٩٥٤-١٩٧٩»دا بلاوکراونەتەوە وبریتین لە «٣٨»و تارو بابەت‌و هەمووشیان پەیوەندی‌یان بە کەلەپوورو فۆلکولۆرو بابەتی کوردی‌یەوە هەیە: ئەوەی شایانی، باسە لە هەمان شوێندا «کارسکایا» ئەو وتارو باسانەش دەستنیشان ئەکات کە دەربارەی «رودینکو»و بەرهەمەکانی لەلایەن «زابۆرسکی»، «ئیستیڤانۆڤێتس»، «ئاگیێی خودۆ»، «ڤیلچێڤسکی»، کاچاخی موردا»و هی ترەوە نوسراون.

لە کۆتاییدا، لە لاپەڕە «١٥٠-١٥١»دا «گریو ینبرگ»ی هاوڕێ‌ی قوتابخانەی «رودینکۆ» کورتەیەکی بە سۆزی ژیانی نووسیوە... لەم کورتەی ژیانەیدا وا دەرئەکەوێ کە «رودینکۆ» هێشتا لە ژیاندا بوە نرخیان زانیوەو بایەخێکی تەواویان پێ‌داوە، چی لە یەکێتی سۆڤێت‌و چی لە دەرەوەی یەکێتی سوڤێتدا ... بەلآم، وەك «گریو ینبرگ» ئەلێ، ناوبانگ‌و نرخ زانینی لەمەش زیاتری هێشتا لە پێشەوەیەو پاشە رۆژ باشتری دەرئەخات... ئەوەشی بیرنەچوە روونی بکاتەوە کە «رودینکۆ» مۆسیقا زانێکی نایاب‌بوەو پیانۆو ئۆرگانی زۆر چاك زانیوەو دوو کوڕە کەشی هەر مۆسیقارن!... بەلآم ئەوەشی نەشاردۆتەوە کە ژیانی «رودینکۆ» پڕبوە لە سزاو نارەحەتی، بەلآم بە داخەوە درێژەی پێ نەداوە، بۆیە نازانین ئەو سزاو نارەحەتیە چین... ئەوەندە هەیە «گریوینبرگ» ئەلێ: «... کێ ئەیزانی رۆژێ لە رۆژان «رودینکۆ» ئەم لاوانەوەو گریانە کوردی‌یانە ئەنوسێتەوەو ئەبن بەلاوانەوەو گریان‌و شیوەن بۆ خۆی!»

ئەمەبوو بە کورتی ناوەرۆك‌و بابەتەکانی کتێبە نایابەکەی «رودینکۆ»ی نەمر کە لە لایەن کۆلیجی رۆژهەلآتناسی سەر بە ئەکادیمیای زانیاری یەکێتی سۆڤێتەوە چاپ کراوە.... تەنها ئەوەی کە لە لایەن ئەم دەزگا زانیارییە گرنگەوە پەسەندو چاپ کراوە باشترین بەلگەیە بۆ مەزنی ئەم کتێبە.

لێرەدا بە پێویستم زانی بلێم کە زوربەی باسەکانی ناو کتێبەکە پەیوەندی بە کوردی یەزیدی ناوچەی «جۆرجیا»و «ئەرمەنستان»و کوردە موسولمانەکانی ئەرمەنستان‌و ئازربایجانی سۆڤێتەوە هەیە کە کاتی خۆی لە ناوچە جیا جیاکانی تورکیای عوسمانی‌یەوە کۆچیان کردوەو هاتوون بۆ ئەو شوێنانەو تیایاندا نیشتە جێ‌بوون‌و نووسەر، وەك خۆی لە لاپەڕە «٧»دا دەستنیشانی کردوە، لە گەشتێکی سالی «١٩٧٢»یدا بۆ ئەو ناوچە کوردنشینانە کۆی کردوونەوەو تۆماری کردوون.

لە گەلّ ئەو هەموو هەول‌و تەقەلاو کارە مەزنەنەدا «رودنیکۆ» ئازایانە دان ئەنێ کە کارەکەی ناتەواوەو ئەمە ناشارێتەوە... لە لاپەڕە «١٧»ی ئەم کتێبە فرە ناوەڕۆکەدا ئەلێ کە نەیتوانیوە بە تەواوی‌و بە بێ گۆڕان دەقە کوردی‌یە رەسەنەکان تۆمار بکات، چونکە، وەك روونی ئەکاتەوە، ئەو کەسانەی دەقەکانی لەدەم وەرگرتوون لەبەر کۆنی بابەتەکان‌و پیری زوربەیان‌و نە نووسینەوەیان لە کاتی خۆیداو دەماو دەم گێڕانەوەیان کەم یان زۆر گۆڕینیان بەسەردا هاتوەو گێڕەرەوەکەی هەندێ جار، بە بێ ئەوەی بیەوێ، لێ‌ی کەم‌و زیاد کردوە.. بۆ ئەمەش چەند نموونەیەکی هێناوەتەوە کە لێرەدا دەرفەتی باس کردنیان نیە.

ئەمە بوو بە کورتی ناوەڕۆکی دوا کتێبی نایابی «رودنیکۆ»، کە ئەتوانم بلێم بۆ کورد ژیاو هەموو لاوێتی تەرخان‌کرد بۆ خزمەت‌کردن‌و کۆکردنەوەی کەلەپوری فۆلکولۆری کوردی..

هەزار رەحمەت لە گۆڕی ئەو رودینکۆیەی هەتا مرد لە رێ‌ی خزمەتی ئەدەبی کوردیدا لە کاردابوو... خۆزگە ببوایە بە نموونەیەکی زیندوو بۆ ئێمەو چاومان لێ‌بکردایە!!